نەفرەتی خوای گەورە لەوەی ئەم کارەی کردووە، کێ ئەم کارەی کردووە؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە لە ئەو کەسەی شتێک کە ڕۆحی تێدا بێت بۆ نیشانشکێنی بەکاریبهێنێت

لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەڵێت: ئیبن عومەر بە لای کۆمەڵێک گەنجدا تێپەڕ بوو لە قوڕەیش؛ باڵندەیەکیان بەستبووەوە بۆ نیشانشکێنی وتیرەکانیان تێدەگرت، هەر تیرێک باڵندەکەی نەپێکایە؛ دەیاندا بە خاوەن باڵندەکە، کاتێک ئیبن عومەریان بینی؛ بڵاو بوونەوە، ئیبن عومەر ووتی: «نەفرەتی خوای گەورە لەوەی ئەم کارەی کردووە، کێ ئەم کارەی کردووە؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە لە ئەو کەسەی شتێک کە ڕۆحی تێدا بێت بۆ نیشانشکێنی بەکاریبهێنێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

سەعیدی کوڕی جوبەیر باسی ئەوە دەکات کە ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- بە لای کۆمەڵێک گەنجی قوڕەیشی تێپەڕ بوو؛ باڵندەیەکیان بەستبووەوە بۆ نیشانشکێنی وتیرەکانیان تێدەگرت، بۆئەوەی بزانن کامیان تیرەکەی دەپێکێت ودەستی ڕاستترە لە نیشانشکێنیدا، هەر تیرێک باڵندەکەی نەپێکایە؛ دەیاندا بە خاوەن باڵندەکە، کاتێک گەنجەکان ئیبن عومەریان بینی؛ بڵاو بوونەوە، عبد اللەی کوڕی عومەر ووتی: ئەمە چییە؟، نەفرەتی خوای گەورە لەوەی ئەم کارەی کردووە، وباسی ئەوەی کرد کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە لە ئەو کەسەی شتێک کە ڕۆحی تێدا بێت بۆ نیشانشکێنی بەکاریبهێنێت. چونکە ئەو بوونەوەرە ئازاری پێدەگات کاتێک تیرەکە لە باڵی یان سینگی یان پشتی یان سەری دەدات؛ لەگەڵ ئەوەیشدا نامرێت، لەکاتێکدا دەتوانن سەری ببڕن وگۆشتەکەی بخۆن، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە لە ئەو کەسەی شتێک کە ڕۆحی تێدا بێت بۆ نیشانشکێنی بەکاریبهێنێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64654